# ماڵان

مارف عومەر گوڵ
(سلێمانی)

-١-

**ماڵی پەپوولە**

بەسەر دیواری مردنەوە بم
بەم دیودا بێ، یا بەو دیوەکەیدا
هەر نایەمەوە،
بەو دیوەکەیدا لافاوی مەرگ ڕاپێچم دەکات
بەم دیوەکەیدا دڕکی ژیانە، هێواش دەمکوژێت!
خۆ ئێرە ماڵە، ماڵی پەپوولە
ژین دەرفەتێکە،
نە بۆم دەمێنێت
نەبۆ ئەوانەی بەتەمان نەمرن!

-٢-

**ماڵی موزە**

بڕۆین بۆ ماڵی موزەیەک
ڕابوردوو چۆن بوو، لێی وردبینەوە،
فیرعەونەکانی زەمانە بێن و
پیت و سامانی سەر زەویش لەگەڵ خۆیاندا بەرن
مرۆڤەکانی دوای ئێمە دێن و دەیدۆزنەوە
چاکتریش وایە هەر لە ئێستاوە
ئەم نیشتمانە بکەینەوە بە موزەیەک!

-٣-

**ماڵی عاشقان**

خوڕەی کانیاوی دامێنی بەفرە
وا بە کوێستانی دڵاندا دەڕوات
گەڵا بۆ کەپر و بۆ هەوار دەبات
دیدەنیی ماڵی عاشقان دەکات!

-٤-

**ماڵی دڵ**

هیچ حیکایەتێک
وەکو چیرۆکی لەیەک دابڕان
نامباتەوە بۆ ناو تۆڕی ئەوین
با باوەش بەسەر سنگی تۆوە ئێم
لە ماڵی دڵا پێشوازیم بکەیت!

-٥-

**ماڵی ڕوح**

چوومە هەر ماڵێک



تاریک و ڕوونێ یەخەیان گرتم
چوومە هەر شارێک
سەرما و گەرماکەی شڕ شڕیان کردم
نەحەسامەوە،
تەنها لە ماڵی ڕوحمدا نەبێت!

-٦-

**ماڵی درەخت**

گەڵای وەریوی درەختی ئەوین
بە لفوپۆپی پەلی خۆزگەدا
بەردەبێتەوە سەر کانی و ئاوی
کەناری چەمێک،
بەجێم دەهێڵێ و ناگەڕێتەوە.
پەنجەی مناڵیم بە مشت گرتووە و
بە کەوانەکەی دەوری خەرمانەی مانگی ژینمدا
دەیبەم، دەیهێنم
لە ماڵی ئاودا، یا ماڵی درەخت
مشت دەکەمەوە، هێلانەیەک بۆ
گەڵاڕێزانی ئەستێران دەکەم!

٦.٥/ ٢٠١٦

-٧-

**ماڵی ئاگر**

ئەوەندەی ڕوانین لە خۆڵبارانی ئەم سەدەیەدا
دوور و نزیکی یەک مەودا تەمە
چاو هەتەر دەکا!
ژیان ناسکە،
هەروەکو شووشەی دوای بوومەلەرزەی پەنجەرەی نێو ماڵ

دنیا کۆن بووە،
وەکو دیواری کۆنەهەواری تەلاری خەیاڵ
تەخت و تاراجی ئەم مەرزوبوومە
هێلانەیەکی لێ چێ ناکرێ
بۆ کۆترە شینکەی پەیام هەڵگری لانە شێواوان!
ئەو درەختانەی بە قەراخ ڕێوە گریان تێچووە
ئەوەندە جوانن! هەر منیان کەمە لەو سووتانەدا
خۆ من دەمێکە ماڵم ئاگرە
ئەوە چی بووە، وا گڕ نامگرێ
لەنێو شەپۆلی ئەم گریانەدا ؟!

٢٠١٦/١٢/٤
کەرکووک

-٨-

**ماڵی ڕووناکی**

نیوەشەو ئیتر،
لە تاریکیدا نوقم دەبم و
لە چراخانی وشەگەلێکدا سەردەنێمەوە،
بۆ دیدارێکم،
وەرنە سەردانی ماڵی ڕووناکی!

-٩-

**ماڵی تەنیایی**

لە ژاوە ژاوی
فڕکان فڕکان و چاوچنۆکیدا
لەسەرخۆ و ئارام
لە دیوەخانی ڕازاوەی شیعرا
چوومە حزووری ماڵی تەنیایی!

-١٠-

**ماڵی باران**

دیسان سەرسەختیم ڕووی تێکردمەوە
گوێ لە هاواری بێدەنگیم بگرە
بەیانیان لاوک، ئێواران حەیران
نیوەشەو ئای ئای، داد و بێدادی
دڵ لە بەهاری تەمەندا سووتا
چاو لە هەڕەتی بینیندا کزبوو
سەر کەوتە داوی گڕ و هاڵاوی،
پووشەڵانێکی گڕتێبەردراو
لە هیچ ماڵێکدا ناحەسێمەوە!
سەردەنێمەوە،
وەک یاخی بووەکەی ڕۆژگاری جاران
لەماڵی دەشت و چۆڵەوانیدا
بۆ ماڵی باران.

٢٠١٨/١/٢٩
کەرکووک

-١١-

**ماڵی تریفە**

لە تاریکایی شەوەزەنگێکدا
بێ ماڵ و داڵدە
کەوتمە سەر ڕۆخی ترسێکی سامناک
ماڵم لە پرچی تریفە چنی
مانگ بووە هاوڕێم،
وەک جاری جاران
ڕێی خۆم دییەوە
چون دەمەو بەیان.

٨ و ٩ / ٢ /٢٠١٨
سلێمانی

-١٢-

**ماڵی ئارام**

ئەوەندە سووتام

ئەوەندە دەشت و بیابان گەڕام
لە نێو گەرداوی خەیاڵاتێکدا
دەحەسێمەوە،
یەک پارچە بوومە ئاوازی تەنیاو
سەڵای دوورەدەست،
دەشتودەرێکی پڕ بەردەڵانە
ماڵی ئارام و ئۆقرە و تەنیاییم
ژێی ئەوینێکە لە دووری تۆدا
دەنگی باڵندەی نیوەشەوێکە
سۆراخی خواستێک هەڵی گرتووە
دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی!

**٢٠١٨/٢/٩**
**سلێمانی**

-١٣-

## ماڵی هەور

لە دار و پەردووی، دوای مێژوویەکی
ساڵ لە دوای ساڵی ئەم گەردوونەوە
لاوکبێژانی ئاگربارانی سەدەی خوێن ڕشتن
بە توولە ڕێگەی هەڵزنانێکا
پاییز دوای پاییز،
لەبەردەم ماڵی هەور و هەتاوا
بووکەبارانێ، بۆ کۆتەرەی دار
چەپڵەڕێزانی ئاوی ژیانە.
ئێستاکەش بەدوای غەدری مرۆڤدا
وەچەی بەهاران
دەمەو ئێواران
دەبنە دارەوان!

**٢٠١٨/٢/٩**
**سلێمانی**

-١٤-

## ماڵی ئاسمان

ئەستێرەیەکی یاخی و سەرگەردان
کۆشی ئاسمان و ئەوینی جوانی ئەستێرانی دی
بەجێ دەهێڵێ،
نوقمی سێبەری تەنیایی دەبێ
بۆ مەمکی چەپی هاوسەفەری ژین
لە هەورا چاوی پڕ گریان دەبێ.
ڕاز و نیازی سەرتاپای تەمەن
لە جریوەیدا، دەگەشێتەوە
مانگ بەجێ دێڵێ،
لە تیشکی ڕۆژدا دەرژێتە دنیای
خۆڵەمێشینی ئەرز و ئاسمانی
دیار و پەنهانی!
ئەستێرەیەکی یاخی و سەرگەردان
خۆی دایە دەستی هەورە برووسکە،
خۆی ئەسپاردە حوکمی ئەستووری فەرمانی سوڵتان
لە خۆرهەڵاتا، بوو بە نووری خوا

لە خۆرئاوادا،
چووە کاروانی هەور و ئەستێران
گەڕایەوە بۆ ماڵی ئاسمان.

**٢٠١٨/٢/٩**
**سلێمانی**

-١٥-

## ماڵی دارستان

ماڵی دارستان دیمەنی جوانە
دڵم بە تەنیا لەوێ میوانە
لەنێو سێبەر و خۆرەتاوێکدا،
نازانم بۆچی وا چاوەڕوانە.

-١٦-

## ماڵی مانگ

مانگ خەرمانەی دا،
ئەستێرە هەموو بانگی یەک دەکەن

لەم لا یەکێکیان دەکشێ و وندەبێ
لەولا گەلاوێژ شای ئەستێرانە
ڕێگەی کاکێشان
مەودای دەگاتە ئەوپەڕی دنیا
مانگ بەتریفە لەکانی و ئاوا بسکی تەڕدەکات
بەئاوازی با ورشەی داروبار.
ناچێتە ماڵی کچی عەیار و کوڕی چاوباشقاڵ
نە سینەی ئاسمان بەجێ دەهێڵێ،
نە باوەشی ئاو،
هیچ هێلانەیەک نادۆزێتەوە
کە ئەو نەیەتە ماڵی دڵمەوە،
دەچمەوە ماڵی خەرمانەی مانگ و
وردە ئەستێرەی کەوانەی ئاسمان لێم کۆدەبنەوە
یەک یەک لاپەڕەی شایەدی مێژووی
دوێنێ و ئەمڕۆکەی مرۆڤ دێنن و
شەڕ و وێرانەی لێ دەردەهاون!

**٢٠١٨/٥/١**
**کەرکووک**

**سلێمانی - کەرکوک**
**مانگی ٢٠١٦/٤ -٢٠١٨/٥**